ڕۆژنامەیەکی تورکی: بافڵ تاڵەبانی لەناو ئاگردا یاری دەکات و لە کەرکووک پلانەکەی تورکیای تێکداوە



ڕۆژنامەی ئەیدینلیک: بافڵ تاڵەبانی لەناو ئاگردا یاری دەکات و لە کەرکووک پلانەکەی تورکیای تێکداوە.

ڕۆژنامەی ئەیدینلیکی تورکی باس لە هەڵبژاردنی پارێزگاری کەرکووک دەکات و دەڵێت: "بافڵ تاڵەبانی لەناو ئاگردا یاری دەکات و پلانەکانی تورکیا تێکداوە".

ڕۆژنامەی ئەیدینلیکی تورکی لە ژمارەی 12ـی ئاب، مانشێتی ڕۆژنامەکەی تەرخان کردووە بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاری کەرکووک و گۆڕانکارییەکانی کەرکووک و نوسیویەتی بافڵ تاڵەبانی دەستی قەندیل لە کەرکووک لەناو ئاگردا یاری دەکات.

ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەداوە، بافڵ تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتی لەناو ئاگری دۆخی کەرکووکدا دواجار پێچەوانەی خواستی تورکیاو هاوپەیمانەکانی یارییەکەی بردەوەو پارێزگاری شارەکەی بۆ حزبەکەی خۆی بەدەست هێنا،پلانەکەی تورکیای تێکدا کە خواستی هەبوو تەنها ساڵێک کەمتر پارێزگار بۆ کورد بدرێت و ئەو کوردەش هاوپەیمانەکی تورکیا بێت کە ئەو ماوەیە پارێزگار بێت.

ئەیدینلیک، لە ڕاپۆرتەکەیدا هەژموونی یەکێتی بەسەر کەرکووکدا بە مەترسی بۆ تورکیا دەزانێت، بەو پێیەی بافڵ تاڵەبانی پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ قەندیل و کوردانی ڕۆژئاوا هەیە.

ئاماژەی بەوەداوەر یەکێتیی هەژموون بەسەر کەرکووکدا دەکات کە یەکێک لە د□و□م□ندترین شارەکانی جیهانە بە نەوت و بەدەستهێنانی پارێزگاری شارەکە ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە.

لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەی بە ڕێبوار تەها پارێزگاری هەڵبژێردراوی کەرکووک داوە و دەڵێت، لە سەرکردایەتی حزبەکەی بافڵ تاڵەبانییەو وەک ئەو بیر دەکاتەوە و دژی ئۆپراسیۆنەکانی تورکیایە لە هەرێم.